**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر**

**کۆلێژی ئاداب – بەشی شوێنەوار**

# پاراستنی دەستنووس لە شاری هەولێردا (ناوەندی بەداتاکردنی دەستنووس لە(عەنکاوە) بەنموونە)

پرۆژەی دەرچوون

پێشکەش بە بەشی شوێنەوار کراوە، وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی شوێنەوار

ئامادەکراوە لەلایەن:

**هێلین جەبەلی سەعید**

بەسەرپەرشتی:

**د.ئاوات ئیبراهیم**

2023-2024ز

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

{ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ (1) خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ (2) ٱقۡرَأۡ
وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ (3) ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ (4) عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ(5)

## پێشکەشە بە:

- دایک و باوک و خوشک و برایەکانم.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی کە یارمەتیاندام بگەمە ئەو پلەیە.
- هاورێیە خۆشەویستەکانم.
- بەشی شوێنەوار.

## سوپاس و پێزانین:

- بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (د.ئاوات ئیبراهیم) کە هاوکاری زۆری کردم.
- بۆ مامۆستایانم، بە پێدان و شیکردنەوەی بابەتەکان و زانیاری پەیوەست بە توێژینەوە.

# ناوەڕۆک


| ناونیشانی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە بە | III |
| سوپاس و پیزانین | IV |
| پێرستی بابەتەکان | V |
| پێشەکی | 1 |
| گرنگی توێژینەوە | 1 |
| ئامانجی توێژینەوە | 1 |
| گرفتەکانی توێژینەوە | 1 |
| میتۆدی توێژینەوە | 2 |
| پلانی تویژینەوە | 2 |
| **بەشی یەکەم: دەستنووس و مێژووەکەی** | 3 |
| تەوەری یەکەم: پێناسە و گرنگی دەستنووس | 3-4 |
| تەوەری دووەم: کورتەیەک لە بارەی مێژووی دەستنووس | 5-6 |
| **بەشی دووەم: پاراستنی دەستنووس** | 7-8 |
| تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی تێکچوون و لە ناوچوونی دەستنووس | 9 |
| یەکەم: کەش و هەوا(شێ، پلەی گەرمی، رووناکی) | 9-10 |
| دووەم: هۆکارە سروشتیەکان(لافاو، ئاگرکەوتنەوە، بومەلەرزە ) | 11 |
| سێیەم: مرۆڤ(شەڕو مامەلەپێکردن، چاکردنی هەڵە و نەزانین) | 12-13 |
| چوارەم: هۆکاری کیمیایی | 13 |
| پێنچەم: هۆکاری بایلۆجی | 14-15 |
| تەوەری دووەم: چۆنیەتی پاراستنی دەستنووس بەشێوەیەکی زانستی | 16 |
| **بەشی سێیەم: ناوەندی بەداتاکردنی دەستنووس لە عنکاوە** | 17 |
| تەوەری یەکەم: کورتەیەک لە بارەی ناوەندەکە | 17 |
| تەوەری دووەم: هەنگاوی پاراستنی دەستنووس لەناوەندەکە و نموونەی هەلبژێردراو. | 18-22 |
| دەرئەنجام | 23 |
| سەرچاوەکان | 24-25 |

## پێشەکی

بە نـاوی خـوای گـەورەو میهرەبـان سـەلات و سـەلام لەسـەر پێخەمبەری ئازیز(درودی خوای لەسـەربێت) .

دەستـنووس بریـتیـە لە بەڵـگەنامەیەکـی نـووسـراو کـەبـە دەسـت نـووسـراوەتەوە بە بـەکارهێنانـی قـەڵەم یاخـوود مرەکەب ، بەلام ئەو نـووسـراوە چاپ نـەکـراوە وە هەندێکی تر لە زانایان بەم شێوەیە پێناسـەی دەستنووسیان کـردووە و دەڵێن: دەستـنووس هەموو ئەو نووسـراوە کۆنانە دەگرێتەوە کە نووسـەر بە دەسـت نووسینەتەوە بەلام بە دەسـت.

مێـژووی سـەر هەڵـدانی دەسـتـنووس دەگەڕێـتەوە بۆ سـەرەتای سـەر هەڵـدانی ئیسـلام کە بۆ یەکەم جار لەسەر پێسـتـەو کاغەزو کاغەزی بەردی نـووسـراوە بەڵگەش ئەوەیە چـەندین دەستنووسی سەردەمی پێخمبەر(د.خ)لەسەربێت بەدەستمان گەیشتووە و لە زۆربەی مۆزەخانەکانی جیهاندا پارێزراون ، چونـکـە دەسـتـنووس بە میراتێکی گـەورەی زانسـتـی هـەر نـەتـەوەیێك دادەنرێـت.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە تایبەتکراوە بەناونیشانی ((دەستنووس و پاراستنی لە شاری هەولێردا ناوەندی بەداتاکردنی دەستنووس لە(عەنکاوە) بەنموونە))، بێگومان دەستنیشانکردنی ناونیشان و نموونەیەکی لەو جۆرە بایەخێکی زۆری بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی هەیە، جیا لەوەی کە هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت بەزمانی کوردی بەو ناونیشانە بەئەنجام نەگەیەنراوە.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهێنانی زانیاری نوێیە لە ناساندنی دەستنووس و هۆکارەکانی تێکچوونی دەستنووس و ڕێگاکانی پاراستنی دەستنووسەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە و جگە لەوەی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکە زانستیەکەمان کەپێمان ڕاسپێردراوە.

## گرفتەکانی توێژینەوە

بێگومان هیچ توێژینەوەیەک بێ گیروگرفت نییە بۆیەش وەک هەر توێژینەوەیەکی تر ڕووبەڕووی چەندین گیروگرفت بووینەتەوە لەوانەش کەمی سەرچاوە و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە بیانییەکان بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی دواتریش ڕێکخستنەوەی زانیاریەکان لە

چوارچێوەی بابەتەکە، بەڵام بەهۆی حەز و خولیامان بۆ بابەتەکە توانیمان توێژینەوەکە بەئەنجام بگەیەنین.

## پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جیا لە پێشەکی سێ بەشی سەرەکی لە خۆ گرتووە لەگەڵ دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان.

بەشی یەکەم: تایبەت بە ناونیشانی (دەستنووس و مێژووەکەی) کراوە و دابەشی سەر دوو تەوەرکراوە لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە پێناسە و گرنگی دەستنووس کراوە لە تەوەرەی دووەمیشدا ئاماژە بەکورتەیەک لە بارەی مێژوو پێکهاتەی دەستنووس دەکرێت.

بەشی دووەم: تایبەت بەناونیشانی (پاراستنی دەستنووس) کراوە و دابەشی سەر دوو تەوەرە کراوە لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر هۆکارەکانی تێکچوون و لە ناوچوونی دەستنووس وە تەوەرەی دووەم باس لە چۆنیەتی پاراستنی دەست نووس بەشێوەیەکی زانستی کراوە.

بەشی سێیەم: تایبەت بەناونیشانی (ناوەندی بەداتاکردنی دەستنووس لە عنکاوە) و دابەشی سەر سێ تەوەرە کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژە بە کورتەیەک لە بارەی ناوەندەکە کراوە و تەوەرەی دووەم جەخت لەسەر بەشەکانی ناوەندەکە و کارەکانیان دەکاتەوە و لە تەوەرەی کۆتایی و سێیەمیش چەندین نموونەی هەڵبژێردراو خراوەتەڕوو. لە کۆتایشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان خراوەتەڕوو. وە یەکێک لەو سەرچاوانەی بە شێوەیەکی سەرەکی لەم توێژینەوەیە پشتم پێ بەستووە توێژینەوەی بەڕێز(مصطفی مصطفی السید یوسف)بە ناونیشانی (صیانة المخطوطات علما و عملا)

لە کۆتاییدا ئاواتە خوازم ڕەزامەندی خوای گەورە بە دەستبهێنم، چونکە دڵنیام کە توێژینەوە بێ کەم و کورتی نیە ، تەنها خوای گەورە کەماڵەو بێ کەم و کورتیە .

## بەشی یەکەم: دەستنووس و مێژووەکەی

### تەوەرەی یەکەم: پێناسە و گرنگی دەستنووس:

پێناسەی دەستنووس:

بریتیە لە بەڵگەنامەیەکی نوسراو کە بە دەست نووسراوەتەوە بە یارمەتی مورەکەب (حبر) واتا چاپ نەکراوە[1].

زاراوەی دەستنووس لە هەموو زمانەکاندا زاراوەیەکی نوێیە کە دوای داهێنانی ئامێری چاپ و کتێبی چاپکراو دانراوە، هەروەها مانای دەستنووس لە زماندا هەموو ئەو کتێبە کۆنانە دەگرێتەوە کە لەلایەن نووسەر یان دووبارە نووسەرەوە بەدەست نووسراون[2].

وشەی دەستنووس (**Manuscript**) : زاراوەیەکی نوێیە لە سەرجەم زمانەکاندا لە زاراوەی لاتینی وەرگیراوە (لەسەدەی ناوەڕاستدا ) لە (Manucriptum) ، بەواتای بەڵگەنامەی دەستنووس دێت[3]. لە زمانی عەرەبی ووشەی (مخطوطة) و لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی (manuscript) لە ساڵی (1594ز) دەرکەوت بەهۆی دەرکەوتنی ئامێری چاپ ناچاربوون بەداهێنانی ئەم ناوە و جیاکردنەوەی کتێبە چاپکراوەکان لە کتێبی بەدەست نووسراو[4].

دەستنووسەکان بەزمان و ڕێنوس جیاواز دۆزراونەتەوە و مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە کە لە سەر جۆری جیاوازی کاغەز نووسراون وەک (پێستە - کاغەزی بەردی papyrus

---

1. Somarajan, Sarit And E-Mail , S Mohamad Dr. Manuscripts: Preser Vution In The Digital Age Libraries Philosophy And Practice (E-Joumon) 4936 Libraries At University Of Debraska – Lincor(2021) P10.

(2) حلاق، حسان، مناهج الفكر و البحث التاريخي و العلوم المساعدة وتحقيق المخطوطات، ط4، د.م، 2004، ص199.

(3) Somarajan, Op.Cit P10.

(4) ببنين، احمد شوقي، دراسة في علم المخطوطات و البحث الببيلوغرافي، ط2، الداوديانت- مراكش، 2004، ص13.

(قرطاس)، كاغەز...)، وە هەر نووسراوێک بەدەست نووسرا بێت بەپێچەوانەی ماددەی چاپکردن پێی دەوترێت دەستنووس[1].

## گرنگی دەستنووس:

دەستنووسەکان وەک میراتێکی نیشتیمانی و هێمایەکی کلتوریین کە دەبێت بپارێزرێن و سوودییان لێ ببینرێت[2]، وە یەکێکن لە جۆرە بەنرخ و بەسوودەکانی میراتی زانستی[3]، کە سەرچاوەی سەرەتایی زانیاری دەربارەی سەردەمانی ئیسلامی و یادەوەری زیندووی نەتەوەیەک پێشان دەدات کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە (15) سەدە درێژبووەتەوە، وە بەشێکی گرنگی لە میراتی بەنرخی بەجێماوە کە پەیوەندی لە نێوان ئێستا و رابردووەوە هەیە، ئەو دەستنووسانەی بەدەستی نووسەر و پێش داهێنانی چاپ نووسراون هەمە چەشنن، لە مۆزەخانە و کتێبخانەکانی جیهاندا لە بواری جیاوازدا وەک (بابەتی ئایینی، زانستی، ئەدەبی، مێژوویی، فەرموودە، کیمیایی .... ) دەستنووسەکان بەدەست نوسەر یان دووبارە نووسەرەوە نووسراون کە ئەو دەستنوسانە بە نوسخەی خەزێنەیی دادەنرێت[4]، کە گرنگیەکی زۆریان هەیە چونکە نووسەرەکە یەک نوسخەی بەتایبەتی نووسیوەتەوە کە لەوانەیە بەدیاری داییبێت بە خەلیفەیەک یان سوڵتانێک وە یان فەرمانڕەواییێک، داوایان لە دووبارە نووسەر دەکرد کە ژمارەیەک لە دەستنووسەکان بنووسێتەوە بەتایبەتی ئەگەر بابەتی ناوەرۆکەکەیان بەدڵ بووایە[5] .

---

[1] Somarajan, Op.Cit P11.

[2] مهدي، عبدالحميد، معاييرحفظ و ترميم المخطوطات العربية، رسالة الماجستير(غيرالمنشور)، محهد علم المكتاب و التوثيق، جامعة قسنطينة، 2015، ص6.

[3] عبدالفتاح، هبة الله، المجلة الحلمية للكية السياحة و الفنادق، جامعة الإسنكدرية، العدد18، الإصدار الثاني(2021)، س121.

[4] عبدالفتاح، هەمان سەرچاوە ، لا114

[5] حلاق، حسن، العلوم المساعدة وتحقيق المخطوطات، 2004، ص199

## تەوەرەی دووەم: کورتەیەک لە بارەی مێژووی دەستنووس:


هەزاران ساڵ بەر لەمێژوو، مرۆڤ نووسینی دەستی وەک ڕێگەیەک بۆتۆمارکردنی زانست و بڵاوکردنەوەی زانین بەکارهێناوە، وە بۆ لەیەکتر تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان نەتەوەکان و دامەزراوە و کەسانیشدا، بەڵام لەسەرەتادا شێوەیەکی سادە و سەرەتایی هەبووە، جا لەڕووی قەڵەم و ئەو کەرەستانەی نووسینی پێ دەکرا، یاخود ئەو جۆرە لاپەڕەیەی کە نووسینی لەسەر دەکرا. کە هەر شوێنە و هەر سەردەمە و جۆرێک لە کەرەستەی تایبەتی نووسینی بەکارهێناوە. لە دۆڵی رافیدەین کەرەستەی سەرەکی نووسین بریتی بوو لەتابلێتی قوڕ بەشێوەیەکی سەرەکی بەڵام لەسەردەمی ئاشووری نوێ ٩١١-٦١٢پ.ز نموونەی کاغەزی بەردی و کاغەزی پێستە بەکارهاتووە و لەدەقەکاندا ناویان هاتووە وە کۆنترین دەستنووس بۆ میسر دەگەڕێتەوە چونکە کەرەستەی سەرەکی نووسینیان بریتی بوو لەکاغەزی بەردی(قرطاس) لە ٢٤٠٠ ساڵ پ.ز. هەروەها پێستە یەکێک بوو لەو کەرەستانی کە لە سەدەی ٦پ.ز تەوراتی لەسەر تۆمارکراوە و لەسەدەی یەکەمی زایینی ئینجیلی لەسەر تۆمارکراوە.[1]

بەڵام شێوەی ئەو کتێبانەی پێشوو لەشێوەی دروست کردنیاندا جیاواز بوون، لەشێوەی کاغەزی پێچراو لاپەڕەکانی بەیەکەوە چەسپ دەکران. بڕوانە وێنەی ژمارە(١،٢)، چ بەشێوەی ئاسۆیی یاخود ستوونی.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەلەسەدەی یەکەمی زایینی لە چین کتێبێکی هاوشێوەی کتێبی ئێستا دۆزراوەتەوە و لەسەرەتای ئیسلامیشدا کە یەکەم کتێب دروست کرابێت قورئانی پیرۆز بووە.

---

(1) الجميلي ، عامر : بلاد الرافيدين القديمة ، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية الأداب ، جامعة الموصل ، ٢٠٠١ ، ص ٨٨

| | |
|---|---|
|  |  |
| وێنەی ژمارە(1) دەستنووسێکی لوولکراوی ئاسۆیی.(الشمري،عبدالله عفيف،تاريخ صناعة الكتاب، الكويت، ٢٠٢٠، ص١٢٠) | وێنەی ژمارە(2) دەستنووسێکی لوولکراوی ستوونی.( الشمري،هەمان سەرچاوە، ل١٢٠) |

## بەشی دووەم: پاراستنی دەستنووس

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ یاخود نا ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر تێکدانی دەستنووس، هەوڵدەدەین لەو بەشەدا تیشکی بخەینە سەر، هەرچەندە لەناوچوونی ئەو سەروەتە گرنگەی نەتەوەی کورد جیاواز بوو، وەکدیارە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەتایبەتی نەوەی خوێندەوارەکان، پشتا و پشت ساڵەها ساڵ مێژووی پرکوشندەی زانایان و مەدرەسەکان و ڕوداووی کاولکاری و وێرانکاری گێراوەتەوە، ڕەنگە ئەم گێرانەوانەیەش بەپێی بایەخ و کاریگەری ڕووداووەکان بووبن ڕەنگە ماوەیەکی زۆر مابنەوە تا وردە وردە وای لێهاتووە کەس نەبووە تۆماریان بکات و کۆیان بکاتەوە لە بیرومێشکیان سڕابنەوە و لە ناوچووبن مەگەر خودا بزانێت چ زیانێک لە سامان و کەلەپوری و ڕۆشنبیری گەلی کورد کەوتووە وە هۆیەکی سەرەکی ئەو زیانەش ئەوە بووە کە لە ناوچەکانی کوردستان زۆر هێز و دەسەڵاتی دژ بەیەک هەبوون کە هاتوون بۆ شەڕ و خاکی کوردستانیان بەیەک گۆڕیوەتەوە دواتر هە کامیان شکا بێت ئەنجامەکەی زیان گەیاندن بووە بە خەڵکی ناوچەکە و گوند و مەڵبەند و مەدرەسەکان بەزۆریش ئامانجی سەرەکیان کاولکاری مەدرەسەکان و کتێبخانە و زانایان بوون[1]. نووسراوێکی مامۆستا (جەفایی مەلا محەمەدی سیوجیی) بو لە کۆتایی دەستخەتی ژمارە (5431)ی (درا صدام المخطوطات) ەوە، باسی ئەوە دەکات لە ترسی هێرشی دڕندانەی (طهماسب)[2] و مامۆستا فەقێ (ماوەران) یان جێهێشتووە لە ترسیاندا خۆیان لە گوندی (وژنانە) حەشاردراوە، ئەم ڕووداوەش لە ساڵی (1145) ک بوو، هەروەکو مەدرسەی ماوەران لەو گوندەی سەردەمێک (16) مەدرەسەی

---

ماوەران: گوندیکە لە هەولێر، نزیکە لە شقڵاوە، بەهۆی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی حەیدەرییوە لەوێ ناوبانگی دەرکرد، وەک چۆن بەدامەزراندنی زیاتر لە قوتابخانەیەک لەوێ کردیانە بەناوەندێکی زانستی، هەروەها بەهۆی بەردەوامی نیشتەجێبوونیان لەوێ، خوێندکارانی زانستی لە هەموو چین و توێژەکانەوە هاتنە ئەوێ تەنانەت زیاتر لە گوندێکی زانستی دەچێت (رؤوف، عماد عبدالسلام، مراكز ثقافية مخمورة في كردستان، ج1، اربيل, 2008, ص156)،

2 _

طهماسب: لە دایک بووی (22ی وباتی 1514ز) دووەم شای ئێرانی سەفەوی بووە، لە ساڵی (1524-1576ز) لە دەسەڵاتدا بووە، دوای مردنی باوکی دەستەڵاتی گرتوتەدەست (1524ز)بووە توانی سیاسەتێکی هاوسەنگ وەربگرێت چارەسەرێکی ناوەندی لە بۆ کێشە ئاینیەکان دابنێت، لەسەردەمی طهماسب ئەدەب و هونەر گەشەیان سەند، لە (14ئایاری ساڵی 1576ز) کۆچی دوایی کردووە (عباس، باسم حمزة، إيران في عهد الشاه طهماسب الأول الصفوي (1524-1576),مجلة الخليج العربي, ج1-2, كلية الدرسات التاريخية جامعة البصرة, 2012, ص3).

تێدابوو جارێک لە گوندەکە ڕەویان کردەوە ئیتر ئەو نەیدەزانی کەی و لە بەرچی بوو پێش ڕەوەکەیان مامۆستایانی بنەماڵەی حەیدەری، لە شامەلای

ناوچەکە و گەورە مامۆستایی مەدرەسەکانی ئەم گوندە بوون، هاتوون بیرێکیان بۆ ئەوە هەڵبژاردووە کە تێبینیەکانیان تێیدا بپارێزن بەم شێوەیە دەوری بیرەکەیان کون کردووە هەرزاڵەیەکیان لە دەوری بیرەکە دروست کردووە، دواتر کتێبەکانیان هێناوە سەر هەرزاڵەکە هەڵیان چنیوە و دوای بیرەکەیان داپۆشیوە کاتێک گەڕاونەتەوە سەری بیرەکەیان هەڵداوەتەوە دەبینن هەرزاڵەکە ڕووخاوە کتێبەکان لەو کاتەدا دیارە هەموویان دەست خەت بوون کەوتونەتە ناو ئاوی بیرەکە و لە کەڵک کەوتوون[1] .

سەرەڕای ئەو هەموو وێرانکاریەی بەسەر سەروەتی زانایانماندا هاتوون بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەو دەستنووسانە تا ئێستا لەکتێبخانە کەسیەکان و بەشێکیان لەکتێبخانەی گشتی ناوخۆیی و بەشێکی زۆریشی لەکتێبخانەی دەرەوە پارێزراون.

---

[1] قەرەداغی، محمد علی، بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، 1998، ل326.

[2] قەرەداغی، محمد علی، بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی چوارەم، الغنساب، 2002، ل278.

## تەوەرەی یەکەم: هۆکارەکانی تێکچوون و لە ناوچوونی دەستنووس

### یەکەم: کەش و هەوا (شێ، پلەی گەرمی، رووناکی)؛

بریتین لە گۆرانی بارودۆخی کەشوهەوا لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر و لە رۆژێکەوە بۆ رۆژێکی تر، هەروەها ئەم جیاوازییانەی لەم گۆڕانکاریانە دەکرێت دەبنە هۆی پلەی گەرمی و شێ و رووناکی، ئەم هۆکارانە رۆڵێکی روون دەگێڕن لە کاریگەری تێکدەرانەی لە سەر دەستنووسەکان لەم دێڕانەی خوارەوەدا دەبینین کە ئەم هۆکارانە چۆن زیان بە میراتی دەستنووسەکە دەگەیێنن[1]:

1- شێ:

یەکەم هۆکارە کە کاریگەری لەسەر دەستنووس هەیە شێدارییەکە بریتیە لە بڕی ئەو هەڵمە ئاوەی کە لە هەوادا هەیە لە پلەی گەرمی دیاریکراودا، وە شێ زۆر زیان بە میراتەکە دەگەیێنن دەبێت (55-60) پلە زیاتر نەبێت، وە زیادبوونی شێ مەترسیەکی زۆری هەیە چونکە ریشاڵی سیلیلۆز هەڵمی ئاو هەڵدەمێژێت ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی دەستنووس و لاوازی وە هەروەها شێی زۆر بەژدارە لە دروستبوونی پەڵەی پیس، لە ئەنجامی نیشتنی تۆز لەسەری لاپەرە و تیپە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی پەڵە لەسەر کاغەزەکە بێگومان ئەمە سیمای دەستنووسەکە دەشێوێنێت وادەکات کە خوێندنەوەی قورس بێت. [2]

2- پلەی گەرمی:

بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی کێشەی زۆر بۆ پێکهاتەی دەستنووسەکە دروست دەکات جا چ کاغەزبێت یان تیپە[3]، وە هەروەها دەبێت رێژەی پلەی گەرمی جێگیربێت (18-22)پلە زیاتر نەبێت بۆ مەبەستی رێگری کردن لە کەڕوو[4]، ئەمانەی خوارەوە گرنگترین کێشەکانی بەرزی پلەی گەرمین:

---

(1) یوسف، مصطفى مصطفى السيد، صيانة المخطوطات علما وعملا، ط2، بيانات النشر، القاهرة، 2002، ص52 .

(2) . یوسف، هەمان سەرچاوە، لا 53.

(3) القبى ، باهرة عبدالستار احمد : معالجة و صيانة الأثار دراسة ميدانية ، دار الخلود ، بغداد ، ١٩٨١ .

(4) شبوح ، ابراهيم : حيانة و حفظ المخطوطات الأسلامية ،مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامي ، لندن ، ١٩٩٨ ، ص ٩٠.

1) بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەبێتە هۆی ئەوەی دەستنووسەکە ڕێژەی ئاوەکە لەدەست بدات و کاغەزەکان شل ببنەوە و بەئاسانی بشکێن.
2) بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی کارلێکی کیمیایی ئاسان دەکات کە زیان بە کاغەزەکە دەگەینێت.
3) هەندێک وردە زیندەوەری گەرمخۆر هەن کە تایبەتمەندن لەشیکردنەوەی سیلیلۆز و چەرم لەپلەی گەرمی بەرزدا و ئەمەش بێگومان یارمەتیدەرە بۆ لەناوبردنی دەستنووسەکان[1] .

3- ڕووناکی:

یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان کە رۆڵی هەیە لە لەناوبردنی دەستنووسەکان دا، وە هەروەها ڕووناکی نەبینراو وەکو تیشکی سەروو وەنەوشەیی کە درێژی شەپۆلەکەی (3000-4000) نانۆمەترە، ئەلگسترۆم کار لەسەر دەکات بۆ کاڵ بوونەوەی ڕەنگەکان بە تایبەتی ڕەنگی ئاسن و بۆیاخ[2] ، وە هەروەها کاریگەری ڕووناکی لەسەر دەستنووسەکە لە دوو فاکتەردا دەردەکەوێت ئەوانیش بریتین لە:

1) فاکتەری ڕاستەوخۆ: فۆتۆئۆکسیکردن دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بەڵێژی زەرد لەشوێنەکانی بەرکەوتنی ڕووناکی لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ ماددەی سیلیز کە لە کاغەزەکەدا هەیە کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی کاغەزەکە.
2) فاکتەری ناڕاستەوخۆ: سەرچاوەیەکی گەرمییە کە یارمەتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەدات و ئەمەش یارمەتیدەرە لە دەرکەوتنی ئەو نیشانانەی کە بەهۆی بەرزی پلەی گەرمییەوە دروست دەبن.[3]

بەگشتی هەموو ئەم زیانانە بەر دەستنووسەکە دەکەون لە ئەنجامی بەرکەوتنی ڕووناکی، جا ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆبێت و دەستکرد بێت یان سروشتی ڕووناکی زۆر دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە دەستنووسەکان[1] .

---

(1) هەمان سەرچاوە ، لا ٩١.

(2) سەرچاوەی پێشوو ، لا ٥٦.

(3) مهدي ، عبدالحميد : معايير حفظ و ترميم المخطوطات العربية ، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، محهد علوم المكتاب و التوثيق ، جامعة قستنطنة ، ٢٠١٥ ، ص٥٧ .

### دووەم: هۆکارە سروشتیەکان (لافاو- ئاگرکەوتنەوە- بومەلەرزە)؛

ئەمانە کارەساتی سروشتین کە دەبنە هۆی لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆر لە دەستنوس و بەڵگەنامەکان،

1- لافاو:

کاتێک لافاو دروست دەبێت یان ئاو لەو بۆڕیانەی کە هۆڵەکانی پێشانگە و عەمبارکردن بەیەکەوە دەبەستێت لە ژێر هۆڵەکاندا تێدەپەڕێت یان لێیانەوە نزیکە زیانێکی زۆر بەدەستنووسەکان دەگەینێت.

2- ئاگرکەوتنەوە:

دەستنووس و بەڵگەنامەکان لە ماددەی ئەندامین بەئاسانی دەسوتێن، هۆکاری ئاگرکەوتنەوە جیاوازن وەکو[2] ئەگەری هەیە بەئەنقەست ئاگر لە باڵەخانە گتشیەکاندا دروست بکات[3] یاخود بەبەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان لە مۆزەخانەکاندا، ئاگری بچووکیش دەتوانێت زیانێکی بەرچاو بگەینێت،[4] یان کردەوەیەکی تاوانباری پلان بۆ داڕێژراو یان هەوڵدان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەستنووسەکان لە ئەنجامی نوقمبونیان لە ئاوی بەکارهێنراو لە کوژاندنەوە توشی زیانێکی زۆر دەکات.

3- بومەلەرزە:

---

(1) ببنين ، احمد شوقي : دراسة فى علم المخطوطات و البحث الببيلوغرافى ، ط٢ ، الداوديانت ، مراكش ، ٢٠٠٤ ، ص ٦٤ .

(2) شبوح ، ابراهيم : حيانة و حفظ المخطوطات الإسلامية ، مؤسسة الفرمان للتراث الإسلامي ، لندن ، ١٩٩٨ ، ص ٢٥٥.

(3) سبتي ، على عبدالمحسن عبادة : المخطوطات العربية ، مجلة الخزانة ، مجلد الخامس والسادس ، المكتبة و دار المخطوطات التعبة العباسية ، كربلا ـ عيراق ، ٢٠١٧ ، ص ٣٧ .

(4) شبوح،سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٥٦ .

دیاردەیەکی سروشتییە کە لە ئەنجامی جوڵە و دورکەوتنەوەی پلێتەکانی زەوی دروست دەبێت وە هەروەها کاتێک بومەلەرزە ڕوودەدات ئەو شوێنەی کە دەستنوسەکان هەڵگیراون لە کاتی ڕووخانی دەبێتە هۆی لە ناوچونی برێکی زۆری دەستنووسەکان[1].

## سێیەم: مرۆڤ(شەڕ و مامەڵە پێکردن و چاککردنی هەڵە و نەزانین)؛

هەرچەندە هەندێک لە دەست نووسەکان بەدرێژایی ساڵان بەباشی پارێزراون، بەڵام زۆربەیان بەهۆی هۆکاری ژینگەیی و گرنگی نەدان بە پاراستنیان زیانیان بەرکەوتووە. هەروەها زۆرجار [2] مرۆڤەکان ڕۆڵیان هەیە لە لەناوبردنی دەستنووسەکان بە هەڵە بەکارهێنان و وێنەگرتن و هەڵگرتنیان لە شوێنی نەشیاودا. ئەم حاڵەتانەش دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

1- هەڵگەڕانەوەی لاپەرەکانی دەستنووس: دەبنە هۆی دڕان و شێواندنیان وە هەڵگەڕانەوەیان بەپەنجەی پیس یان ئارەقاوی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پەڵە و پەنجەمۆر لە سەر دەس نووسەکان و لاپەڕەکان.

2- جگەرە کێشان یان خواردن و خواردنەوە لەکاتی سەیرکردنی دەست نووسەکاندا: دەبێتە هۆی مەترسی دوکەڵ یان کەوتنی خۆراک بەسەر لاپەڕەکان و بەرگەکانیاندا کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن وەکو زەردبوون و سوان و پەڵەکە کە لابردنیان ئەستەمە.

3- هەندێک لە کرێکارانی فرۆشگاکان دەستنووسەکان بێ ئاگان لە ڕێگای دروست کردن و دانانی ڕەفەکان کە بەرکەوتەی زیان و چەمانەوەی هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی زیانێکی زۆر

---

(1) هەمان سەرچاوە ، ص ١٩.

(2) شاهين ، عبدالعزيز : الأسس العلمية لعلاج و ترميم اكش و المخطوطات و الوشائق التاريخية ، الهيئة المصدية العلمة الكاتب ، العمر ، ١٩٩٠ ، ص ٧ .

(6) سبتی،سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٧.

بۆ دەستنووسەکان و لەناوچوونیان[1]. وە هەروەها هەندێک دەستنووس لەکاتی (شەڕەکان) یان داگیرکارییەکان لە ناودەبردرێن یان دزراون ئەمەش دەبێتە هۆی فەوتانی بەشێکی زۆری میراتەکەمان[2]، هەروەها جەنگەکان خراپترین هەڕەشەن بۆ سەر شوێنە کلتوری و میراتیەکان. لە ناوبردنی دەستنووسەکان بەوپێی دوو جەنگی جیهانی لە ئەنجامی وێرانکاریەکی گەورەی لێکەوتەوە کە زۆرێک لە بینا شوێنەوارییەکان و لە دەستدانی سامان و گەنجینەکانی زۆرێک لە مۆزەخانە کۆنەکان وە باشترین بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە لە داگیرکردنی عێراقدا ڕوویدا لەوێرانکردن و تالانکردنی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا چونکە دەستنووسەکان لە مزگەوتەکاندا هەڵدەگیران وە زۆرێک لە دەستنووس لە کتێبخانەکاندا دادەنران بەڵام بەهۆی نەفامی لە کاتەکانی تردا ون بوون و لە ناوچوون[3].

وە هەروەها چاکردنەوەی هەڵە: دەبێتە هۆی لەناوچونی دەستنووسەکان چونکە نۆژەنکردنەوەی دەستنووس بوارێکی زۆر تایبەتمەندە پێویستی بەشارەزایی و چاودێری هەیە بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامێکی باش[4] چونکە نۆژەنکردنەوەی هەڵە دەبێتە هۆی دڕانی کاغەزەکان و زیان گەیاندن بە دەستنووسەکان[5].

## چوارەم: هۆکاری کیمیایی؛

( 1 ) حمود ، رشا سعيد سعيد : الاتلاف البشرى للمخطوطات و سبل العافظ عليها ، مجلة العملية الدراسات الاشارية والتاريخية ، مجلة الثامن ، كلية الأداب ، جامعة سامراء ، ٢٠١٦ ، ص ٢٧ .

( 2 ) شبوح ، ابراهيم : صيانة و حفظ المخطوطات الأسلامية ، مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامي ، لندن ، ١٩٩٨ .

(4) هەمان سەرچاوە ، ص ١٩.

( 5) شاهين ، عبدالعزيز : الأسس العلمية لعلاج و ترميم اكش و المخطوطات و الوشائق التاريخية ، الهيئة المصدية العلمة الكاتب ، العمر ، ١٩٩٠ ، ص ٧ .

(6) سبتی،سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٧.

( 3 ) حمود ، رشا سعيد سعيد : الاتلاف البشرى للمخطوطات و سبل العافظ عليها ، مجلة العملية الدراسات الاشارية والتاريخية ، مجلة الثامن ، كلية الأداب ، جامعة سامراء ، ٢٠١٦ ، ص ٢٧ .

( 4 ) شبوح ، ابراهيم : حيانة و حفظ المخطوطات الأسلامية ، مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامي ، لندن ، ١٩٩٨ .

( 5 ) مهدي ، عبدالحميد : معايير حفظ و ترميم المخطوطات العربية ، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)،محهد علوم المكتاب و التوثيق ، جامعة قستنطنة ، ٢٠١٥ ، ص ٢٠.

دەستنووس و بەڵگە نامەکان لە ڕیزی ئەوانەن کە خێراترین کاریگەری ماددەیان لەسەرە، ئەو ماددە کیمیاییانەی کە هەوا هەڵیاندەگرێت، دەبنە هۆی دروست بوونی ترشەلۆگ کە مەترسیەکی کوشندەی لەسەر دەستنووسەکان هەیە کە ئەم هۆکارانە لە خۆ دەگرێت:

1- پیسبوونی هەوا و ترشێتی: یەکێک لەو گازە پیسکەرانە دووەم ئۆکسیدی گۆگردە، لە شارە پیشەسازییەکان لە کاتی سوتاندنی گۆگرد یان خەڵوز دروست دەبێت، ترشەلۆگی لە دەستنوسەکاندا ڕەنگە بەهۆی هۆکارەکانی تر جگە لە پیسبوونی هەوا ڕووبدات وەک بونی ڕێژەیەکی بەرزی ترش سولفوریک(1).

2- ترشەکان: تەنانەت ئەگەر چڕییان کەم بێت وردە وردە دەوری کاغەزەکان دەردەخەن ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی ترشەکان لە کاغەزەکەدا ئەوەبێت کە نەتوانرێت چەوری کاغەزەکە بەتەواوی لە ترشەکانیان پاک بکرێتەوە لە کاتی پرۆسەی بەرهەم هێناندا وەک گازە گۆگردەکان لە شارە پیشەسازییەکان بەسەرچاوەی دروست بوونی ترشەکان دادەنرێت دەتوانین بڵێین ترشەکان هۆکاری سەرەکی خراپ بوون و تێکچوونی کاغەز و ماددە هاوشێوەکانن کە زیان بەدەستنووسەکان دەگەیێنن و دەبنە هۆکاری لە ناوچونیان.

## پێنجەم: هۆکاری بایۆلۆجی؛

ئەم هۆکارانە بریتین لە ڕۆڵی زیندەوەرە زیندووەکان لە کاریگەریکردن لەسەر دەستنووسەکان جا چ بینراو بێت یان نەبینراو بێت ئەوانیش وەکو (مێشوولە، مێروو، کەڕوو، بەکتریا...).(2)

1- مێشوولە:

ڕۆڵێکی زۆر مەترسیدار دەگێڕێت لەسەر لەدەستدان و وەرینی بەرگی کاغەز و دەستنووسەکان وەکو (مێشوولە و مشک) بەچاو دەبینرێت و لە درزەکانی دیوار و زەوی کۆگا و کتێبخانەکان بڵاودەبنەوە وە توانای بەرگەگرتنی جیاوازی پلەی گەرمی هەیە.

2- مێرووڵەکان:

---

(2) القبي ، عبدالستار احمد : معالجة و صيانة الأثار دراسة ميدانية ، دار الخلود ، بغداد ، ١٩٨١ ، ص ٣٠٦ .

زیندەوەری بچووک و فرە قۆناغن، بەشێوە و قەبارە جۆراوجۆرن. هەندێکیان بەچاو دەبینرێن و هەندێکیشیان بە یارمەتی مایکرۆسکۆب دەبنیرێن، توانای زاوزێ و بڵاوبوونەوەی لە هەر شوێنێک جیا دەکرێنەوە. کەرەسەتەی خۆراک گونجاوە بۆ هێلکەکانیان و گەشەی کرمەکانیان دەدۆزێتەوە، وە پێکهاتەی دەستنووسەکان توخمێکی تێدایە کە خۆراکە بۆ گەشەی مردووەکان وە توخمەگەلێک هەن هاندەری گەشەکردنن واتا گەرم و شێداری ئەم بارودۆخە تەنها لە کۆگاکانی دەستنووسە پشتگوێخراو و جێهێڵراوەکاندا بەردەستە[1].

3- کەڕوو:

بریتین لە بوونی پیسی و خۆڵ و وشکی و شێداری گۆڕان لە پلەی گەرمی و شەو و ڕۆژ، شێ یارمەتی گەشەکردنی کەڕوو دەدات و سپی تۆز کۆبکاتەوە[2]، ئەمانە تایبەتمەندن بە زیان گەیاندن و تێکچوونی دەستنووسەکان کەڕوو ڕۆڵێکی باڵا دەست دەگێرێت لە لە ناوبردنی

دەستنووسەکان بەبەراورد بەبەکتریا، چونکە بەرگەگرتنی بەرفراوانی هەیە بەرامبەر بەپلەی گەرمی و شێ، وە هەروەها کەڕوو بۆ گەشەکردن پێویستی بەپلەیەکی بەرزی شێ هەیە بۆیە هەندێک کەڕوو هەن لە دۆخی شێوازی ئاسایی دا گەشە دەکەن لەسەر بەرگی کتێبەکان و دەستنووسەکان وە کەڕوو پێویستی بە پلەی گەرمی (24-30) دەبێت و شێی زیاتر لە (60) بێت[3].

٤- بەکتریا:

زیندەوەری بچووک و تاک خانەن، بەکتریا بە دابەشبوونی خێرا و زاوزێ بەدابەشبوونی دووانەی سادە تایبەتمەندە، هەروەها توانای بەرگەگرتنی گۆڕانی پلەی گەرمی و دوورکەوتنەوە لە

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ص ٤ .

[2] الجميلي ، عامر : بلاد الرافيدين القديمة ، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية الأداب ، جامعة الموصل ، ٢٠٠١ ، ص ٥ .

[3] الحميدي، سەرچاوە پێشوو، لا 4 .

بارودۆخی نەگونجانیان هەیە ڕۆڵی بەکتریا لە زیان گەیاندن بەدەستنوسەکان کەمترە لە کەڕوو چونکە پێویستی بە ئاستی بەرزی زیاتر لە (90) پلەی گەرمی تا (30) پلەی سەدی هەیە[1].

## تەوەرەی دووەم: چۆنیەتی پاراستنی دەستنووسەکان:

پاراستن هەنگاوی یەکەمە بۆ هەر شتێکی نوێ یان کۆن، واتا دابینکردنی هەلومەرجی باش کە تەمەنی مانەوەی لە دۆخی سروشتی خۆیدا بۆ درێژترین ماوە بمێنێتەوە، وەرگێڕی بکات لە گواستنەوەی دەستنوسێکی تووش بوو بۆ دەستنووسێکی دیکە کە تووش نەبووە بە جۆرێک کە تووشبوونەکە لەناو هەموو دەستنووسەکاندا بڵاونەبێتەوە، لەکاتێکدا چارەسەرکردن یان چاڵاککردنەوە وە لابردنی ئەو زیانانەی بەسەر هەندێک دەستنووس دا هاتووە وەکو وشکبوونەوەی کاغەز یان پەڵە یاخود توشبوون بەترشەلۆگی، پیسبوونی گاز، مێروو،

---

[1] الحميدي، هەمان سەرچاوە ، لا 5.

کەروو....هتد، هەندێک لەمانە ڕێگەی تایبەتیان هەیە بۆ لابردنیان[1]، وە هەندێک ڕێگا هەن بۆ پاراستنی دەستنووسەکان ئەوانیش:

1- پشکنینی دەرگا و پەنجەرەکان بەشێوەیەکی پارێزراو داخرابن.

2- پەردە و شاشە و پەنجەرە بەکاربهێنن بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان لە تیشکی خۆر.

3- تەندروستی لە کتێبخانەکەدا کە دەبێت شێ(55-60) زیاتر نەبێت و پلەی گەرمی(18-22) پلە زیاتر نەبێت.[2]

4- دوورکەوتنەوە لە وایەری کارەبای نەبەستراو.

5- لە کاتی هەڵگرتنی کتێبەکاندا نابێت بخەینە سەر لێواری پێشەوە، بۆ ئەوەی فشاریان لە سەرنەبێت.

6- شوێنی پێویست لە نێوان رەفەکاندا هەبێت بۆ ئەوەی هەوا بەباشی بڕوات.[3]

7- جگەرەکێشان لەناو ژوورەکانی خوێندنەوەدا قەدەغە بکرێت بەتایبەتی ئەو ژوورەی کە بەڵگەنامەکانی تێدایە.

8- پاککردنەوەی وەرزی کۆگاکان بە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی کە گەردیلەی تۆز و هەرماددەیەکی زیان بەخش لادەبات.

9- گواستنەوەی هەوای پاک بۆ کۆگاکانی دەستنووس لە ڕێگەی فلتەری کاربۆنی کە خەڵوزی چالاککراوی تێدایە.[4]

## بەشی سێیەم: ناوەندی بەداتاکردنی دەستنووس لە عەنکاوە

### تەوەرەی یەکەم: کورتەیەک لە بارەی ناوەندەکە.

---

(1) یوسف ، مصطفى مصطفى السيد : صيانة المخطوطات علما و عملا ، ط٢ ، بيانات النشر ، القاهرة ، ٢٠٠٢ ، ص٨٣ .

(2) حمود ، رشا سعيد سعيد : الاتلاف البشرى للمخوطات و سبل العافظ عليها ، مجلة العملية الدراسات الاشارية والتاريخية ، مجلد الثامن ، كلية الأداب ، جامعة سامراء ، ٢٠١٦ ، ص ٢٠ .

(3) هەمان سەرچاوە ، ص ٢٩ .

(4) يوسف ، مصطفى مصطفى السيد : سەرچاوەی پێشوو ، ص ٨٤ .

ئەم ناوەندە لەساڵی 1990  لە شاری مووسڵ لەلایەن مەگران نجیب میخائیل دامەزراوە، پاشان  لەساڵی 2007 گواستراوەتەوە بۆ حەمدانیە، وە لەساڵی 2014 گواسترایەوە بۆ شاری هەولێر، ئەم ناوەندە نزیکەی 8000 کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامە لەخۆ دەگرێت بەزمانی جیاواز و بابەتی جیاواز، کاری سەرەکی ئەم ناوەندە بریتیە لە بەدۆکیۆمێنت کردنی دەستنووس و ئەرشیف کردنیەتی پاشان بەردەست کردنی بۆ توێژەرو لێکۆڵەران لەتەواوی جیهاندا، لەم ناوەندەدا ستافێکی ڕاهێنراو تێیدا کاردەکەن کە شارەزان لە پاراستن و دۆکیۆمێنت کردنی دەستنووس، هەروەها ئامێرو کەرەستەو پێداویستی تایبەت بە پاراستنی دەستنووس دابین کراوە.


## تەوەرەی دووەم: چونیەتی پاراستنی هەنگاوی کارەکانیان و نموونەی هەلبژێردراو

**هەنگاوەکانی مامەڵکردنی ستافی ناوەند لەگەڵ هەر دەستنوسێک یاخود بەڵگەنامەیەک:**

**هەنگاوی یەکەم: خاوێن کردنەوەی دەستنووس:**

- زۆرکات دەستنووس بەهۆی هەڵگرتنی هەڵە و نەزانینی پاراستنی تووشی پیسبوون و کەڕوو هەڵهێنان و دروست بوونی بوونەوەری ووردی جۆراو جۆر دەبێت، بۆیە وا پێویست دەکات کە خاوێن بکرێتەوە بەر لەوەی هیچ کارێکی چاککردنەوە یاخود وێنەگرتن و هتد بۆی بکرێت.

- لەم ناوەنــدە بەشــێوەیەکی ســەرەتایی و ســادە خــاوێن کــردنەوەکە ئەنجــام دەدەن بەبەکارهێنانی ئامێرێکی هەوا لێدان بۆ لابردنی تۆز زیاتر سوودی لێدەبینرێت.



وێنەی ژمارە (٣) خاوێن کردنەوەی دەستنووس(سەردانی مەیدانی)

**هەنگاوی دووەم: چاککردنەوەی دەستنووس:**

**بریتیە لە چاککردنەوەو نۆژەنکردنەوەی ئەو بەشانەی دەستنووس کە پێویستی بە چارەسەرە.**

- وەک: بەرگ، پێستە، کاغەز، زەخرەفە، دەزوو..هتد
- شــێوازی چــاک کــردنەوەکە دەبێــت بەبەکارهێنــانی ئەو کەرەســتانە بێــت کە ئەنــدامین و نائۆکسێت لەگەڵ پێکهاتەی دەستنووسەکە.
- هەروەها بەهەمان شێوازی خۆی چاک دەکرێتەوە بەبێ زیاد کردن یاخود کەم کردن.



وێنەی ژمارە (٤) چاککردنەوەی دەستنووس(سەردانی مەیدانی)

**هەنگاوی سێیەم: فەهرەست کردنی دەستنووس:**

**کە بریتیە لە تۆمارکردنی سەرجەم زانیاریەکان لەبارەی ئەو دەستنووسەوە، بەپێی فۆرمی زانیاری تایبەت بە ناوەندەکە.**

- وەک: پێوانە کردنی دەستنووس، ناوی نووسەرو ناسخ و ساڵ و شوێنی نووسینی دەستنووس ئەگەر هەبێت، ژمارەی لاپەڕەکانی، جۆری کاغەز، ڕەنگی حبر و زەخرەفە..هتد
- ئەم قۆناغەی فەهرەستەکردنە هەر بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر تۆماری دەکەن و دەیپارێزن.




وێنەی ژمارە (5) فهرست کردنی دەستنووس(سەردانی مەیدانی)

**هەنگاوی چوارەم: وێنەگرتن**

**وێنەگرتن: بریتیە لە وێنەگرتنی تەواوی دەستنووسەکە بەبەکارهێنانی کامێرای پێشکەوتوو و ستۆدیۆیەکی پرۆفێشناڵ. بەجۆرێک کە نوسخەیەکی (رەقەمی) واتە وێنەیی دەستنووسەکە لەسەر کۆمپیوتەر بەردەست دەبێت.**



وێنەی ژمارە (6) وێنەگرتنی تەواوی دەستنووسەکە(سەردانی مەیدانی)

قۆناغی پێنچەم و کۆتایی: بریتیە لە قۆناغی هەلگرتنی دەستنووسەکە، بۆ هەر دەستنووسێک سندۆقێکی تایبەت دروست دەکرێت بەبەکارهێنانی جۆرێکی تایبەت لە مقەوا کە دژە ئۆکسان و دژە ترشانە بۆ پاراستنی دەستنووسەکە لەهەر ئەگەرێکی لەناوچوون.



وێنەی ژمارە (7) هەلگرتنی دەستنووس(سەردانی مەیدانی)

لەکۆتاییدا هەڵگرتنی هەر یەکێک لەو سندوقانەی کە دەستنووسەکەی تێدا پاریزراوە لەسەر ڕەفەیەک کە لەئاسنی ڕووپۆشکراو بەماددەیەکی دژە ژەنگ هەڵهێناندا. لە ژوورێک کە سەرجەم مەرجەکانی پاراستنی تێدا ڕەچاوکراوە.

## دەرئەنجام:

**لە کۆتایی ئەم تویژینەوەیەدا گەیشتووین بەچەند دەرئەنجامێک کە بەشێوەی خاڵ لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو، ئەوانەش:**

1- ئەو نووسراوانە یاخود ئەو بەڵگەنامانەی کە بەدەست نووسراون لەسەردەمانی ڕابردوودا لەم ڕۆژگارەدا ناسراون بە دەستنووس، وە پێش داهێنانی ئامێرەکانی چاپکردن ئەم دەستنووسانە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنران.

2- نووسراوەکانی ئەدیب و مێژوونووسان و جوگرافی ناس ... هتد، لە کۆندا بە سەرچاوەی ڕەسەن و باوەڕپێکراوی زانستی زانراون لەبارەی مێژووی هەر نەتەوەیەک.

3- ئەو بارودۆخە یاخود ئەو هۆکارە سەرەکییانەی دەبنە هۆی لەناوچوونی دەستنووس بریتین لە:

- کەش و هەوا لەوانەش (شێ و پلەی گەرمی و رووناکی)
- هۆکارە سروشتیەکانیش (لافاو ئاگرکەوتنەوە و بومەلەرزە)
- هۆکاری مرۆیی (شەڕو ملمڵانێ و ناکۆکییەکان .... هتد)
- هۆکاری کیمیایی (مورانە و بەکتریا).

4- لە ڕێگا تەندورستەکانی پاراستنی دەستنووس دەبێت ڕەچاوی هەندێک پاڵنەر بکەین لەوانەش دابینکردنی شوێنێک یاخود کتێبخانەیەکی گونجاو و پەیوەست بەئامرازەکانی پاراستن و تێکنەچوونی دەستنووسەکان

5- پاراستنی دەستنووس پاراستنی ناسنامەی زانستی و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەکە، و نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە خاوەنی سامانێکی گەورەی دەستنووسە لەبواری جیاوازدا، بۆیە پاراستنی ئەو سەروەتە ئەرکی سەرشانمانە.

6- کۆکردنەوەی تەواوی دەستنووسەکان لەسەنتەرێکی گونجاودا و پاراستنیان بەشێوازێکی زانستی و گونجاو.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردیەکان:


1. قەرەداغی، محمد علی : بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی یەکەم ، بەغدا، 1998.
2. قەرەداغی، محمد علی : بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد ، بەرگی چوارەم ، الغنساب ، 2002.


### سەرچاوەی عەرەبییەکان:


3. ببنين ، احمد شوقي : دراسة في علم المخطوطات و البحث البيبلوغرافي ، ط2 ، الداوديانت- مراكش ، 2004.
4. الجميلي ، عامر : بلاد الرافدين القديمة ، رسالةماجستير(غيرمنشورة،) كلية الأداب ، جامعةموصل، ط1 ، 2001.
5. حلاق ، حسن : مناهج الفكر و البحث التاريخي و العلوم المساعدة وتحقيق المخطوطات ، ط4 ، ب.م، 2004.
6. حمود ، رشاسعيد : الاتلاف البثري للمخطوطات وسبل العفاظ عليها، مجلة العلمية الدراسات الاشارية ولتاريخية ، مجلد الثامن ، كلية الاداب ، جامعة سامراء ، 2022.
7. الحميدي ، محمد رياض حامد : دراسات تراثية علم المخطوطات و تحقيق النصوص ، رسالة ماجستير(غيرمنشورة،) كلية الأثار ، جامعة سامراء ، 2022.

8. رؤوف ، عماد عبدالسلام : مراكز ثقافية مخمورة في كردستان ، ج1 ، اربيل, 2008.
9. سبتى، علي عبدالمحسن عبادة: المخطوطات العربية ، مجلة الخزانة ، مجلة الخامس والسادس ، المكتبة و دار المخطوطات العتبة العباسية ، كربلاء ، عيراق2017 ، .
10. شاهين ، عبدالعزيز : الأسس العلمية لحلاج و ترميم اكش و المخطوطات و الوشائق التاريخة ، الهئية المصدية العلمة الكاتب ، العمر ، 1990.
11. شبوح ، ابراهيم : حياتة و حفظ المخطوطات الاسلامة ، مؤسسة الفرقان للتراث الاسلامي ، لندن ، 1998.
12. الشمري، عبدالله عفيف، تاريخ صناعة الكتاب، الكويت، ٢٠٢٠.
13. عباس ، باسم حمزة : إيران في عهد الشاه طهماسب الأول الصفوي (1524-1576),مجلة الخليج العربي ، ج1-2 ، كلية الدرسات التاريخية ، جامعة البصرة , 2012.
14. عبدالفتاح ، هبة الله : مجلة العلمية للكية السياحة و الفنادق ، جامعة الإسنكدرية ، العدد18، الإصدار الثانى(2021)
15. القبي ، باهرة عبدالستار احمد : معالجة و صبانة الثار دراسة ميدانية ، دارالغلود ، بغداد ، 1981 .
16. مهدي ، عبدالحميد : معايبرحفظ و ترميم المخطوطات العربية ، رسالةماجستير(غيرمنشورة)، محهد علم المكتاب و التوثيق ، جامعة قسنطينة ، 2015.
17. يوسف ، مصطفى مصطفى السيد : صيانة المخطوطات علما وعملا ، ط2 ، بيانات النشر ، القاهرة ، 2002.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

18. Somarajan, Sarit And E-Mail , S Mohamad Dr. Manuscripts: Preser Vution In The Digital Age Libraries Philosophy And Practice (E-Joumon) 4936 Libraries At University Of Debraska – Lincor(2021).